هەرێمی کوردستان - عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی( زانستی )
SN: 300000000

بەناوی خوای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت: زیندەزانی/ کات :3.5 کاتژمێر
ساڵی خوێندنی 2020-2021( خولی یەکەم )

A
71284

وەڵامی راست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك دوونمرە )

1. هەستەوەرگر:-
A-دەمارە خانەیە ، وریاکەرەوەکان دەناسێتەوە B-دەمارە راگەیاندنەکان بە پشتەڕەگدا دەگوازێتەوە لە درکە پەتکەوە بۆ ماسولکەکان
C-دەمارە راگەیاندنەکان بە سکەڕەگدا دەگوازێتەوە لە شوێنی وریابوونەوە بۆ درکە پەتك. D-( C + A ) هەردووکیان راستن.

2. کام لەمانە رۆڵی هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە FSH دەنوێنێت لە نێرەدا؟
A-بە هاوکاری لەگەڵ تێستێسترۆن هانی دروستبوونی تۆوەخانەکان دەدەن لە تۆوەبۆریچکەکاندا B-هانی دەردانی تێستێسترۆن دەدات.
C-هانی دابەشبوونی خانەدەدات لە چیکڵدانەدا. D-هانی دەردانی ئیسترۆجین دەدات لە لایەن چیکڵدانە.


3. کام لەم جووتانەی خوارەوە هەڵەیە؟
A-پێست : بەرەبەستێکی فیزیکی B-کوژەرە خانە سروشتییەکان : پەلاماری ئەو خانانە دەدەن کە تووشی هۆکارەکانی نەخۆشی بوون
C-ئینتەرفیرۆن : پێکهاتەیەکی شێوە ئەڵقەیی پێکدێنێت D-لینجە پەردەکان : گرتن و گلدانەوەی هۆکارەکانی نەخۆشی.

4. کام لە مانە دەربارەی هاوزاڵبوون هەڵەیە؟
A-روودەدات کاتێك دەربڕینی هەر ئەلیلێك لە دوو ئەلیلەکەی بۆهێلێك لە وەچەی دووڕەگدا دەرکەوێت
B-هیچ تێکەڵبوونێك لە نێوان دووئەلیلی روخسارە بابەتەکەدا روونادات C-هیچ کام لە ئەلیلەکان زاڵ یان بەزیو نابن
D-وەچەی یەکەم ( F1 ) بە روخسارە بابەتێکی مام ناوەندی لە نێوان دوو روخسارەبابەتەکەی باوان جیادەکرێتەوە

5. کام لەمانە پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەی موولوولەکانی خوێن و فرمانەکەی روونەدەکاتەوە؟
A-دیوارەکەیان لە سێ چین پێکهاتووە. B-زمانەیان تێدایە. C-ئەستوری دیوارەکەیان یەك چین خانەیە D-هەموویان ناڕاستن


6. نیشانەکانی دابڕان لە دەرمانی کاریگەری دەروونی ئەمانە دەگرێتەوە:-
A-رشانەوەو سەر ئێشەو خەوزڕان و گرانی هەناسەدان و خەمۆکی و تێکچوونی بیرو هۆشی و نۆرە دەمار
B-زیادبوونی زیندەچالاکی و کەمبوونەوەی کێش و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و تێکرایی لێدانی دڵ و پلەی گەرمی لەش.
C-لەکەی پێستی دەم و چاو، ئازاری جومگەکان، تالێهاتن ، ماندووبوون ، گرفتەکانی گورچیلە ، کەم بوونەوەی کێش.
D- هێڵنجدان و هەناسەدانی خێراو شێوانی دڵ و بورانەوە.

7. بە پشت بەستن بەم شێوەیەی بەرامبەر ، وەڵامی راست لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەڵبژێرە:-




| | هێلکەی پیتراوی تێدا پەیدا دەبێت | تەنی زەردی تێدا پەیدا دەبێت | جەمسەرە تەنی دووەمی تێدا پەیدا دەبێت | چەقینی تێدا روودەدات |
|---|---|---|---|---|
| A | 2 | 3 | 2 | 1 |
| B | 1 | 1 | 3 | 2 |
| C | 2 | 1 | 2 | 3 |
| D | 1 | 3 | 2 | 3 |

8. بە پشت بەستن بەم شێوەیەی بەرامبەر ، وەڵامی راست لەم خشتەیەی خوارەوە هەڵبژێرە:-




| | ئەو شوێنەی بە پیتی X ئاماژەی پێکراوە دەکەوێتە ناو | خەستی گازی $O_2$ لە شوێنی X | خەستی گازی $CO_2$ لە شوێنی X | چی هانی ئاڵوگۆڕی گازەکان دەدات لە شێوەی بەرامبەردا؟ |
|---|---|---|---|---|
| -A | سیکلدانۆچکەی هەوا | بەرزە | نزمە | خەستەلێژی |
| -B | بۆریچکەی هەوا | نزمە | بەرزە | پەستانی هەوا لە شوێنی X |
| -C | سیکلدانۆچکەی هەوا | نزمە | بەرزە | پەستانی هەوا لە شوێنی X |
| -D | بۆریچکەی هەوا | بەرزە | نزمە | خەستەلێژی |

9. زانایەك لێکدانێکی بەجێهێنا لە نێوان دوو رووەکی پۆلکە کە یەکێکیان گوڵ ئەرخەوانی و تۆو لووس لەگەڵ یەکێکی دیکەی گوڵ سپی و تۆو چرچ ،بینی کە هەموو رووەکەکانی وەچەی یەکەم کە لەم لێکدانەدا پەیدابوون گوڵ ئەرخەوانی و تۆو لووس بوون، پاشان رووەکەکانی وەچەی یەکەمی جێهێشت بۆ پەڕین لەگەڵ یەکدا( گوڵ ئەرخەوانی و تۆو لووس×گوڵ ئەرخەوانی و تۆو لووس ) ،320 رووەکی لە وەچەی دووەمدا دەستکەوت، ژمارەی ئەو رووەکانەی کە چاوەڕواندەکرێت گوڵ ئەرخەوانی و تۆو چرچ بن لە وەچەی دووەمدا چەندە؟
A- 20 B- 60 C- 180 D- 220

10. ملی منداڵدان بەستراوە بە:- A-هێلکەدان B-جۆگەی فالوب C-زێ D-میزەڕۆ

11. گرێی رانڤێر ناوچەکانی پچڕانی بەرگی مایلینە :-
A-لە لەشی دەمارەخانەدا B-لە هەر سێ بەشە سەرەکییەکەی دەمارە خانەدا C-بە درێژایی تەوەرەی مایلینی D-لە لق و پۆپەکاندا

12. ئەگەر لە لێکدانی دوو رووەکی شەوبۆ رێژەی روخسارەبابەت لە نێوان وەچەکان 50٪ گوڵ سوور و 50٪ گوڵ پەمەیی بوون ئەوا بۆماوە بابەتی هەردوو باوانەکە .................دەبێت.
A- RR × RW B- WW × RW C- RW × RW D- RR × WW

13. کام لەم هۆرمۆنانە تەنها لە کاتی سکپڕیدا دەردەدرێت؟
A-کۆریۆنی هاندەری توخمە رژێنەکان( HCG ). B-ئیسترۆجین. C- پرۆجیسترۆن . D-هەموو وەڵامەکان راستن

14. کام لە مانە دەربارەی هەردوو نیوە گۆی مێشك هەڵەیە؟
A-فرمانی هەموو بەشەکانی ( ناوەندەکانی ) هەردوو نیوە گۆی مێشك لە یەکدەچن B-هەر نیوە گۆیەکیان دابەش دەبێت بۆ دوو پل
C-لە رێگەی گورزەیەك لە لق و پۆپی دەمارە خانە پێکەوە دەبەسترێن D-هەموویان هەڵەن


15. کام لە مانە دەربارەی دورگەکانی لانگەرهانز ڕاستە؟
A-بەزۆری خانەی جۆگەدارەکانی تێدایە. B-وەك رژێنی جۆگەدار و کوێرە رژێن کاردەکەن.
C-وەك کوێرە رژێن کاردەکەن. D-دوو هۆرمۆنی ستیرۆیدی دەردەدەن.

16. خانەکانی T ی ژەهراوی و خانەکانی T ی سەرکوتکەر هەردووکیان:-
A-خرۆکەی سپی خوێنن. B-بەشداریدەکەن ( رۆڵیان هەیە ) لە وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی دەردانی.
C-بەشداریدەکەن ( رۆڵیان هەیە ) لە وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی خانەیی. D-( C + A ) هەردووکیان راستن.

17. ئەگەر پەستانی خوێن لە کەسێکی پێگەیشتووی مێیە یەکسان بێت بە $\frac{110}{70}$ ئەوا ڕەنوسی 110 دەپێورێت لە کاتی کرانەوەی:-
A-زمانەی دووپەڕەیی دڵ بە تەنها. B-زمانەی سێ پەڕەیی دڵ بە تەنها
C-شاخوێنبەرە زمانە و سییە زمانە. D-زمانەی دووپەڕەیی دڵ و سێ پەڕەیی دڵ

18. هەموو ئەمانە لە تایبە تمەندییەکانی خرۆکە سپییەکانی خوێنن جگە لە:-
A-بەشداری دەکەن لە بەرگریکردن لە لەش دژ بە نەخۆشی. B-قەبارەیان لە خرۆکەسوورەکانی خوێن گەورەترە.
C-ژمارەیان لە خرۆکە سوورەکانی خوێن زیاترە. D-دەتوانن لە رێی کونەکانی دیواری لوولەکانی خوێن بچن بۆ شلەی نێوان خانەکان

19. بە پشت بەستن بەم شێوەیەی بەرامبەر، وەڵامی راست لەم خشتەیەی خوارەوە هەڵبژێرە:-




| | ماسولکەی رەنوسی 1 | ماسولکەی رەنوسی 2 | کاتێك ماسولکەی رەنوسی 2 لە باری گرژبووندایە | کاتێك ماسولکەی رەنوسی 1 لە باری خاوبوونەوەدایە |
|---|---|---|---|---|
| A | ماسولکەی کشۆك | ماسولکەی گرژۆك | ئانیشك لە باری چەمانەوەیە | باڵ لە باری راست بوونەوەیە |
| B | ماسولکەی گرژۆك | ماسولکەی کشۆك | باڵ لە باری راست بوونەوەیە | باڵ لە باری راست بوونەوەیە |
| C | ماسولکەی گرژۆك | ماسولکەی کشۆك | باڵ لە باری راست بوونەوەیە | ئانیشك لە باری چەمانەوەیە |
| D | ماسولکەی کشۆك | ماسولکەی گرژۆك | ئانیشك لە باری چەمانەوەیە | ئانیشك لە باری چەمانەوەیە |

20. سووکە تایەك ( لەژێر 39°C ) لەوانەیە:- A-سنوور بۆ گەشەی بەکتریا دابنێت. B-هانی چالاکی خرۆکە سپییەکان بدات
C- پرۆتینە گرنگەکانی خانە تێکبشکێنێت. D-( B + A ) هەردووکیان راستن.

21. لە پەرچە پێدانەوەی نەرێنیدا:-
A-بەرهەمی کۆتایی لە زنجیرەکەدا هەنگاوی یەکەم وریا دەکاتەوە. B-بەرهەمی کۆتایی لە زنجیرەکەدا هەنگاوی یەکەم رادەگرێت.
C-هەنگاوی یەکەم لە زنجیرەکەدا هیچ کاریگەری لەسەر بەرهەمی کۆتایی نابێت.
D-بەرهەمی کۆتایی لە زنجیرەکەدا هیچ کاریگەری لەسەر هەنگاوی یەکەم نابێت.

22. لە وەڵامدانەوە بەرگرییە سەرەتاییەکاندا:- A-بیرخەرەوە خانەکان دروست دەبن و ئەگەر رووبەڕووی دژە پەیداکەر بوونەوە وەڵامیان دەدەنەوە.
B-بیرخەرەوە خانەکان دروست دەبن بەڵام ئەگەر رووبەڕووی دژە پەیداکەر بوونەوە وەڵامیان نادەنەوە.
C-ژمارەیەکی زۆرتر لە دژەتەنەکان دروست دەکرێن بە بەراورد لەگەڵ وەڵامدانەوە بەرگرییە دووەمییەکان D-هەموویان ناراستن

23. کام لەم هۆرمۆنانە وەکو نێردراوی یەکەم کاردەکات ؟
A-گلوکاگۆن. B-ئەنسۆلین C-ثایمۆسین . D-هەموو وەڵامەکان راستن


24. کام لەمانە راستە دەربارەی قۆناغی دووەمی تووشبوون بە ڤایرۆسی HIV؟
A-خانەکانی B ناتوانن دژەتەن بۆ ڤایرۆسی HIV بەرهەمبهێنن. B-ژمارەی خانەکانی T بەردەوام لە کەمبوونەوەدان.
C-ژمارەی ڤایرۆسەکانی HIV کەمدەبنەوە. D-( B + A) هەردووکیان راستن ).

25. تایبەتی یان جۆریەتی وەڵامدانەوە بەرگرییەکان پەیدادەبێت لە تایبەتی یان جۆریەتی وەرگرەکانی دژە پەیداکەر لە سەر رووی ............
A-ڤایرۆسەکان B-لیمفەخانەکان C-خانەتووشبووەکانی لەش D-هەموو جۆرە خرۆکە سپییەکان

26. به درێژایی ماوەی سکپڕی هێلکە لە هێلکەدانەکان دەرنا پەڕێت لەبەرئەوەی دەردانی بڕێکی زۆری:-
A–ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن ڕێگە لە دەرپەڕاندنی هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانەو هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد دەگرێت
B–هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە و هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد ڕێگە لە دەرپەڕاندنی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن دەگرێت
C–هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە و پرۆجیسترۆن ڕێگە لە دەرپەڕاندنی هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد و ئیسترۆجین دەگرێت
D–هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد و ئیسترۆجین ڕێگە لە دەرپەڕاندنی هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە و پرۆجیسترۆن دەگرێت

27. ڕووی لێکچوون لە نێوان سییەخوێنهێنەرەکان و کلۆرە خوێنهێنەری سەروو ئەوەیەکە هەردووکیان:-
A–بەشداریدەکەن لە گەڕاندنەوەی لیمف بەرەوە دڵ	B–خوێنی کەم ئۆکسجین بۆ دڵ دەگەڕێننەوە
C– خوێنی تێر ئۆکسجین بۆ دڵ دەگوازنەوە	D– پەستانی خوێنیان تێدا نزمە بە بەراورد لەگەڵ خوێنبەرەکان

28. بە پشت بەستن بەم شێوەیەی بەرامبەر ، وەڵامی ڕاست لە خشتەی خوارەوەدا هەڵبژێرە:-




| | زۆربەی هەستە دەمارە ڕاگەیاندنەکان ئاراستەی ناوچەی تایبەتمەند لە توێکڵی مێشك دەکات | دەست دەگرێت بەسەر دەردانی زۆربەی لەشە هۆرمۆنەکان | وەکو ناوەندێکی کۆنترۆڵی تێکڕای لێدانی دڵ و هەناسەدان کاردەکات | جووڵە بەردەوام و خێراکان ڕێکدەخات |
|---|---|---|---|---|
| -A | 1 | 2 | 3 | 4 |
| -B | 4 | 3 | 2 | 1 |
| -C | 2 | 1 | 3 | 4 |
| -D | 1 | 4 | 2 | 3 |

29. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە چوارگۆشەی پۆنیتی بەرامبەردا هەن، وەڵامی ڕاست لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەڵبژێرە:-

| | ڕێژەی چاوەڕوانکراو بۆ ئەو تاکانەی هەمان ڕوخسارە بابەتی باوانیان هەیە | ڕێژەی بۆماوەبابەتی چاوەڕوانکراو بۆ AaBB | تاکی ئاماژە پێکراو بە ڕەنووسی 1 | گەمیتی ئاماژە پێکراو بە ڕەنووسی 2 |
|---|---|---|---|---|
| A | $\frac{3}{16}$ | $\frac{1}{16}$ | aaBb | ab |
| B | $\frac{1}{16}$ | $\frac{4}{16}$ | AaBb | AB |
| C | $\frac{2}{16}$ | $\frac{3}{16}$ | AaBB | Ab |
| D | $\frac{9}{16}$ | $\frac{2}{16}$ | Aabb | aB |

| ♀ / ♂ | AB | Ab | 2 | ab |
|---|---|---|---|---|
| AB | | | AaBB | |
| ؟ | AABb | | | 1 |
| aB | | | | |
| ab | | | | |

30. ڕیزبەندی تەواو بۆ گواستنەوەی دەمارە ڕاگەیاندن لە دەمارە خانەیەکەوە بۆ دەمارە خانەیەکی دوای خۆی بریتیە لە:-
( 1–دەمارە گوێزەرەوەکان بە ناو گەیێنکە قڵیشدا بەڕەڵا دەبن و بە خێرایی بڵاودەبنەوە. 2–گۆڕان لە پێداڕۆیشتنی پەردەی خانەی دوای گەیێنکە ڕوودەدات لە ڕێگەی کارتێکردن لە جۆگە ئایۆنەکاندا. 3–دەمارە گوێزەرەوەکان بە پرۆتینە وەرگرەکانی پەردەی خانەی دوای گەیێنکەوە دەبەسترێن. 4–ئەرکی کار دەگاتە دەمارە کۆتاییەکانی تەوەرەی خانەی پێش گەیێنکە. 5–چیکڵدانەکان بە پەردەی خانەی پێش گەیێنکەوە دەلکێن و دەتەقن.

A- 3 ◄ 5 ◄ 4 ◄ 2 ◄ 1	B- 3 ◄ 4 ◄ 5 ◄ 1 ◄ 2
C- 4 ◄ 5 ◄ 3 ◄ 1 ◄ 2	D- 4 ◄ 5 ◄ 1 ◄ 3 ◄ 2

31. گۆچکەکان پەیوەندییان هەیە بە:-
A–بیستن و هاوسەنگی	B–تەنها چەشتن	C–تەنها بۆنکردن	D–چەشتن و بۆنکردن

32. سیفەت: شێوەی کەلوو: ڕوخسار:
A–ڕووی تۆو	B–هەڵئاوساو	C–کەمەریەکهاتوو	D–( C + B ) هەردووکیان ڕاستن.

33. هەموو ئەمانەی دێن لە تۆواودا هەیە جگە لە:-	A– پرۆستاگلاندین	B–شلەیەکی تفت	C– شلەیەکی ترش	D–تۆوەخانە

34. کەوانەجۆگەکان و لوولپێچ هەردووکیان:-
A–ئەندامی کۆرتییان تێدایە B–دەنکۆڵەکانی کاربۆناتی کالسیۆمیان تێدایە C–شلەیەکیان تێدایە D–دەکەونە ناو گوێی ناوەڕاستەوە.

35. نیکۆتین:-
A–دەمارە گوێزەرەوەکان لە گەیێنکە قلیش هەڵدەوەشێنێت	B– پێدانی ئۆکسجین بە شانەکانی لەش زیاددەکات
C– پەستانی خوێن وتێکڕایی لێدانی دڵ نزم دەکاتەوە	D–هەموویان ناڕاستن

36. سێیەکی سێیەم : کۆرپەلە دەتوانێت وەڵامدانەوەی بۆدەنگە بەرزەکان هەبێت.
A–سێیەکی دووەم : هەردوو باڵەکان دەست بە دروستبوون دەکەن	B–سێیەکی یەکەم : ئێسکە پەیکەری کۆرپەلە دەست بە دروست بوون دەکات
C–سێیەکی سێیەم : چینێك لە گەندە موو لەسەر پێستی کۆرپەلە دەست بە گەشە دەکات	D–سێیەکی یەکەم : دڵی کۆرپەلە دەست بە لێدان دەکات

37. لە لێکدانی جووتە دوورەگبووندا لە نێوان دوو باوانی دوورەگدا ، پێشبینی دەکرێت کە وەچەکانیان:-
A- 25٪ یەك ڕەگ بن بۆ هەردوو سیفەتەکە	B- 25٪ دوو ڕەگ بن بۆ هەردوو سیفەتەکە.
C- 50٪ یەك ڕەگ بن بۆ هەردوو سیفەتەکە.	D- ( B + A ) هەردووکیان ڕاستن

38. هەموو ئەمانە ڕژێنی جۆگەدارن جگە لە:-
A–لیکە ڕژێن	B–ڕژێنەکانی پاراثایرۆید	C–ئارەقە ڕژێن	D–لینجە ڕژێن

39. خانەکانی T ی یارمەتیدەر ئینتەر لوکینی 2 دەردەدەن کاتێك:-
A–ئینتەر لوکینی 1 خانەکانی T ی یارمەتیدەر چالاك دەکات	B–خانەکانی T ی یارمەتیدەر هێرش دەکاتە سەر هۆکاری نەخۆشی
C–خانەکانی T ی یارمەتیدەر دەبەسترێن بە هەڵلوشێنەرە گەورەکان	D–خانەکانی T ی ژەهراوی دەبەسترێن بە خانەی لەشی تووشبوو

40. توێکڵی ئەدرینالٌ جیاوازە لە کرۆکی ئەدرینالٌ لەوەی کە توێکڵی ئەدرینالٌ:-
A–لە لایەن دەمارە کۆئەندام وریا دەکرێتەوە بۆ دەردانی هۆرمۆنەکانی خۆی.	B–تەنها هۆرمۆنە پیپتیدییەکان بەرهەمدێنێت
C–هۆرمۆنی ستیرۆیدی بەرهەمدێنیت..	D–لە لایەن پلی دواوەی ژێر مێشکە ڕژێن وریا دەکرێتەوە بۆ دەردانی هۆرمۆنەکانی خۆی

41. لە پێکهاتەی پەیکەرە ماسولکەدا کام لەمانە لە خاڵە جەمسەریەکاندا لەسەر هێڵی Z راگیر دەبن؟
A–تەنها دەزووە باریکەکانی ئەکتین	B–دەزووە باریکەکانی مایۆسین و دەزووە ئەستوورەکانی ئەکتین
C–تەنها دەزووە ئەستوورەکانی مایۆسین	D–دەزووە باریکەکانی ئەکتین و دەزووە ئەستوورەکانی مایۆسین

42. کام لەم ئەندامانەی خوارەوە دەکەوێتە ناو سنگە کەلێن؟
A–سورێنچك.	B–هەردوو سییەکان.	C–دڕکە پەتك	D–( B + A ) هەردووکیان ڕاستن

43. ڕووی جیاوازی لە نێوان ئێسك و کرکڕاگە ئەوەیە کە ئێسك:
A–بەستەرە شانەیە	B–لە نێوان خانەکانیدا خوێی گرنگی تێدانیشتووە
C–خانەکانی لە بڕێکی گەورەی ماددەی نێوان خانەکاندا نقوم بوون.	D–هەموویان ڕاستن

44. کام لەمانە دەربارەی مۆخی زەردی ئێسك هەڵەیە؟
A–جەمسەرەکانی درێژە ئێسك پڕدەکاتەوە.	B–وەکو کۆگە بۆ وزەی یەدەك کاردەکات.
C–لەتوانایدایە بگۆڕێت بۆ مۆخی سووری ئێسك لە کاتی ونکردنی بڕێکی زۆری خوێن.	D–زۆربەی لە چەورییە خانەکان پێکهاتووە.

45. ئەو کۆمەڵە خوێنانە چین کە دەشێت بدرێنە کەسێك کۆمەڵەی خوێنی $AB^-$ بێت؟بە ڕەچاوکردنی دژە پەیداکەرەکانی A , B , Rh.
A–( $AB^-$, $AB^+$ , $O^-$ )	B–( $A^-$,$B^-$,$O^-$,$AB^-$ )	C–( $AB^+$ ,$O^+$,$AB^-$ )	D–($A^+$,$B^+$,$AB^+$,$O^+$ )

46. جومگە جووڵە سنوردارەکان:-
A–ڕێگە بە چەمانەوەو سوڕانەوەی لەش دەدەن.	B–ئێسکەکانی بڕبڕەی پشت لەشوێنی خۆیاندا جێگیر دەکەن
C–ڕێگە بە سوڕانەوەی سەر دەدات لە لایەکەوە بۆ لایەکەی دیکە و لەرزاندنی سەر بۆ نەخێر.	D–( B + A ) هەردووکیان ڕاستن.

47. کام لەم ڕوخسارە بابەتانەی خوارەوە بۆ زانینی بۆماوەبابەتەکەی پێویستی بە لێکدانی تاقیکاری نییە؟
A– پۆلکەی گوڵ تەوەرەیی	B– پۆلکەی تۆو زەرد	C–کەروێشکی موو قاوەیی	D–بەرازی غینی موو ڕەش

48. هۆرمۆنی میلاتۆنین : ڕژێنی کاژیی:-
A–سیکریتین : هەندێك لە خانەکانی دیواری گەدەدا.	B–هۆرمۆنی دژەمیزتن : پلی پێشەوەی ژێرمێشکە ڕژێن.
C–تێستێستیرۆن: ئەوخانانەی دەکەونە نێوان تۆوە بۆریچکەکانەوە لە هەردووگوندا.
D–هۆرمۆنی دەرپەڕاندنی هاندەری ثایرۆیدە ڕژێن( TRH ): پلی پێشەوەی ژێر مێشکە ڕژێن.

49. کام لەمانە لە جیاکەرەوەکانی کۆئەندامە سوڕە؟
A-ئەو خوێنبەرەی کە لە سکۆڵەی چەپەوە دەردەچێت.	B-ئەو خوێنهێنەرانەی کە خوێن بۆ گوێچکەلەی چەپ دەهێننەوە.
C-ئەو خوێنبەرەی کە لە سکۆڵەی ڕاستەوە دەردەچێت.	D–( C , B ) هەردووکیان ڕاستن.

50. هەموو ئەمانە دەربارەی پەڕەی جەمسەری ئێسك ڕاستە جگە لە:-
A–لە جەمسەری درێژە ئێسکی پێنەگەیشتوودا هەیە وەك ئێسکەکانی باڵ و لاق .B–لە کرکڕاگە خانەکان پێکدێت کە توانای دابەشبوونیان هەیە
C–لە پەڕەی جەمسەری ئێسکدا کاتێك کەسەکە دەگاتە بەژنی تەواوی خۆی ، ئێسکەکان بەتەواوی جێگەی کرکڕاگە دەگرنەوە.
D- پەڕەی جەمسەری ئێسك شوێنی گەشەی ئێسکە بە باری پانی لە ئێسکەکانی کەللەی سەر

A

وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی (زانستی) بابەتی زیندەزانی
بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 ( خولی یەکەم )

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | A | A | C | D | C | A | C | A | B | C | C | A | A | D | C | D | C | C | D | D | B | B | D | B | B | A | D | A | D | D | B | D | C | C | D | D | D | B | A | C | A | D | B | A | B | D | C | C | A | D |